Sorani

بەخێربێن بۆ پەڕتووکخانە!

پەرتووکخانە بۆ هەموان کراوەیە.

پەرتووکخانە پەرتووککگەلی چ بۆ منداڵان چ بۆ گەورەسااڵن، بە زمانی جیاواز هەیە. لێرە هەروەها ڕۆژنامەکان، گۆڤارەکان، کۆرسەکانی زمان، زانیاریی کۆمەڵگا، موزیک، بژمێرەکان(کۆمپیوتەر) و شتی تر هەیە.

خواستنی پەرتووک لە پەرتووکخانە هیچی تێناچێت.

KARLSKRONA KOMMUN

کارتێکی خواستن پەیدا بکە

بۆ ئەوەی پەرتووک بخوازیت یان بژمێر بەکاربهێنیت ئەوا پێویستت بە کارتێکی خواستن هەیە. کارتی خواستنەکە بە خۆڕاییە و لە هەموو پەرتووکخانەکانی شارەوانی کالسکرونا ئەخوات. گەر کارتێکی خواستنت پێویستە تەنها پێویستت بەوەیە کە پێناسنامەکەت نیشان بدەیت و پشتگیرییناممەیەک واژۆ بکەیت بەوەی کە تۆ ئەبێت لەسەر ڕێساکانی خواستن بڕۆیت:

- تۆ خۆت بەرپرسیت لە هەموو ئەوانەی بەخواستن ئەیان بەیت.
- گەر تۆ باوانیت، ئەوا تۆ بەرپرسی لەوانەی منداڵەکانت بەخواستن ئەیەن.
- گەر تۆ پەرتووکەکان درەنگ بهێنیتەوە، ئەوا ئەبێت کە تۆ مزێکی ماوەی زیادەتێپەڕبوو بۆ هەر ڕۆژێک بدەیت.
- ئەگەر پەرتووکەکان خراپ بوون یان ئەگەر تۆ بزرت کردن، ئەوا ئەبێت پارەی تێچوونەکەی بدەیت و قەرەبووی بکەیتەوە.

گەر کارتەکەت لەدەست چوو ئەبێت دەستبەجێ پەرتووکخانەی لێ ئاگادار بکەیتەوە. گەر کارتێکی تازەت ئەوێت، ٢٠ کرۆنی تێئەچێت گەر ١٨ ساڵانیت، و ١٠ کرۆنی تێئەچێت گەر لەژێر ١٨ ساڵانەوەیت.

بۆئەوەی بۆخۆت بتوانیت لە ئۆتۆماتیکەکانمان خواستن بکەیت، بژمێرەکان بگریت یان پەرتووکی – ئەلەکترۆنیکی بخوازیت، ئەوا پێویستت بە کۆدی – پین هەیە کە بۆخۆت هەڵبژاردەی ئەکەیت. بۆ یارمەتی وەرگرتن، پرسیار لە کارمەندان بکە.

ماوەی خواستن لەباری ئاساییدا چوار هەفتەیە، بەڵام لەوانەیە کورتتر بێت – پسوولەکەت کۆنترۆڵ بکە! تۆ ئەتوانیت ئەوەی خواستووتە بیگەڕێنیتەوە بۆ هەرپەرتووکخانەیەکی گەلی کە لە شارەوانی کالسکرونا هەیە.

بەخۆشییەوە سەردانی مالپەڕەکەمان بکە

ئەتوانیت بەناو کەتەلۆگی پەرتووکخانەدا بۆ پەرتووک بگەڕێیت. تۆ چوونەژوورەوە (لۆگ)بۆ لەbibliotek.karlskrona.se
کۆنتۆی خواستن بە ژمارەی کارتی خواستنەکە و کۆدی - پین ئەکەیت. ئەو کاتە ئەتوانیت بۆ نموونە، پەرتووک بە ڕاسپاردن بدەیت(قۆرخی بکەیت)، ببینیت کام پەرتووکانەت بە خواستن بردووە یان خواستنەوە بکەیتەوە.
تۆ بۆ خۆشت ئەتوانیت بەدوای پەرتووکدا بە زمانی خۆت لە پەرتووکخانەی نێونەتەوەیی interbib.se بگەڕێیت:

ئایا پرسیارگەلت هەن؟

گەر پێویستت بە یارمەتییە، یان هەندێک پرسیارت هەن، بەخۆشییەوە لە کارمەندانی پەرتووکخانە بپرسە!

گەر نەتوانیت ئەوەی لەدوای ئەگەڕێیت لە پەرتووکخانە ببینیتەوە، بۆ نموونە پەرتووککگەل بە زمانی خۆت، ئەوا ئەتوانیت لە کارمەندان بپرسیت. پەرتووکخانە ئەتوانیت زوربەی جاران بە کڕین یان بەخواستن پەرتووک لە بەر تووکخانەکانی تر بۆ بهێنێت